# پەلە بکەن لە ناشتنی جەنازە، ئەگەر چاکەکار بێت؛ ئەوا بەرەو خێرێک پێشی دەخەن، وئەگەر جگە لەوە بێت (خراپەکار بێت)؛ ئەوا شەڕێکە لەسەر گەردنی خۆتان لای دەبەن

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پەلە بکەن لە ناشتنی جەنازە، ئەگەر چاکەکار بێت؛ ئەوا بەرەو خێرێک پێشی دەخەن، وئەگەر جگە لەوە بێت (خراپەکار بێت)؛ ئەوا شەڕێکە لەسەر گەردنی خۆتان لای دەبەن».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکردووە بە خێراکردن لەکاتی ئامادە کردنی جەنازە ونوێژ کردن لەسەری وناشتنی؛ چونکە ئەگەر چاکەکار بێت ئەوا بۆ خێرێك پێشی دەخەن بەرەو نیعمەتەکانی نێو گۆڕ، وئەگەر چاکەکار نەبێت؛ ئەوا شەڕێکە لە گەردنی خۆتان لایدەدەن.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3109

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee